# بۆچی العربیة جلەوكرا

**نووسینی: جەلال تالەبانی**

**٢٠٠٣/١٢/٤ واشنتۆن پۆست**

لە٢٣ی نۆڤەمبەردا، بریاریكی گرنگمدا بۆ پاراستنی ئەو دیموكراسییە چەكەرەكردووەی كەئیمە لەعیراقدا گەشەی پیدەدەین. لەبری ئەنجومەنی حوكم لەعیراقدا، بەشیوەیەكی كاتیی كەنالی ئاسمانیی (العربیة)م لەناردنی راپۆرتە هەوالەكانی لەئۆفیسەكەی بەغداوە راگرت.

لەوكاتە بەدواوە، گوێبیستی سەدان تەئویلاتی جیاجیا بوومەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە "ئایا ئیوە چۆن بانگەوازی بەرەوپیشبردنی دیموكراسی دەكەن، لەكاتیكدا راگەیاندنیكی ئازاد دەخنكینن..؟".

وەڵامەكەش زۆر ساكارە؛

ئیمە دژی چالاكییە رۆژنامەنووسییە شەرعیو مەوزووعییەكان كارناكەین، ئیمە هەنگاو بۆ قەدەغەكردنی ئەو جەنگە سایكۆلۆژییە دەنیینو لەهەمووشی گرنگتر هاندانی كوشتنە.

هیچ وڵاتیكیش لەوە كەمتر ناكات.

لەوەش زیاتر لەكاتیكدا ئیمە ئەو كەناڵەمان قەدەغەكردووە لەپەخشكردنی وینەكانی لەبەغداوە، ئەو كەناڵەمان رانەگرتووە لەبەردەوامبوونی لەكۆكردنەوەی هەوالەكانی ناو عیراق.

چی ئەم مەسەلەیەی وروژاند..؟

العربیة، بەئاگاییەوە یاساكانی عیراقی پیشیلكرد، هەروەها مەرجە یاساییەكانی خۆیشی سەبارەت بەهاننەدانی توندوتیژیی لەوڵاتەكەماندا.

لە١٦ی نۆڤەمبەر العربیة كاسیتیكی دەنگیی بڵاوكردەوە كەگوایا دەنگی سەدام حسینە، سەدامیك بەو میراتە تۆقینەرەیەوە ناسراوە، كەبریتییە لەبەرپرسیتیی لەكوشتنی چەندین ملیۆن لەهاووڵاتیانی وڵاتەكەم بەبێ هیچ گوناهیك، ئەشكەنجەدان، ئیعدامكردنو دواتریش داروخانی ئابووریی عیراق.

چیی وت..؟

داوای لەناوبردنی ئەنجومەنی حوكمو هیزەكانی هاوپەیمانی دەكرد، ئەو هیزانەی كەرزگاریان كردینو حالی حازر یارمەتیمان دەدەن لەبونیاتنانەوەی وڵاتەكەمان.

سەدام لەسزای یاسا هەڵاتووە، بەتۆمەتی تاوانەكانی جینۆساید، كەچی العربیة بەكاریكی گونجاوی دادەنیت، كەریگای پیبدات بۆ ئەوەی مایكرۆفۆنەكانی بەكاربهینیت بۆ بانگەواز بۆ تیرۆریزم. لەوانەیە هەندیك بپرسن، میدیاكانی تر راپۆرتیان لەسەر هەمان كاسیت پەخش نەكرد..؟ بەڵێ میدیاكانی تریش بەكەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكانیشەوە، باسی ئەو كاسیتەیان كرد، بەڵام العربیة كاسیتەكەی بەتەواوەتی پەخشكرد، هەر هەموو (١٧) دەقیقەكەی، لەكاتیكدا ئەوانی تر بەشیكیان پەخشكرد، العربیة دەستپیشخەربوو لەپەخشكردنیو ئەوانی تریش لەدوای العربیة بڵاویان كردەوە.

سەدام حسین دەیەویت ترس بڵاوبكاتەوە لەناو عیراقییەكاندا، لەكاتیكدا ریگای داهاتوویەكی دیموكراسییان گرتووەتە بەر. بانگەشەی كوشتنی هاوریكانم دەدات لەئەنجومەنی حوكمدا، ئەوانەی بەلینی داهاتوویەكی دیموكراسی بۆ عیراقو ریزگرتن لەمافەكانی مرۆڤیان داوە، داوای دیموكراسی بۆ عیراقو ریزگرتن لەمافەكانی مرۆڤیان داوە، داوای كوشتنی هیزەكانی هاوپەیمانان دەكات، لەبەرئەوەی بویرانە لەدەسەڵات لایانبرد، لەهەمووشی شوومتر، هەولی هاندانی توندوتیژیی دەدات لەژیر ناوی ئایینەوەو بانگەشەی (جیهاد) دەكات، بەمەش هاندانی القاعیدەو گرووپە تیرۆریستییەكانی تریش دەدات بۆ ئەنجامدانی هیرشە خۆكوژییەكان لەدژی دۆستەكانمان لە خاچی سوور، نەتەوەیەكگرتووەكانو هاوپەیمانەكان.

ئەمە رۆژنامەوانی نییە، بەلكو یارمەتیدان، هاندانی چالاكییە تیرۆریستییەكانە.

ئیمەش لەبەرامبەردا، پەیرەویی یەكیك لەو ئیمتیازە كەمانەی كەهەمانە دەكەین، ئەویش نەهیشتنی العربیة لەبەكارهینانی شەپۆلە ئاسمانییەكانمان بۆ پەخشكردنی راپۆرتەكانی لەبەغداوە.

ئەمەش هەنگاویكی ئاساییو شیاوە-هەنگاویكە كەدەكریت پووچەڵ بكریتەوە ئەگەر بیتو العربیة دلنیامان بكاتەوە كەچیتر كاری لەوجۆرە ئەنجام نەدات، لەهاندانی توندوتیژیو تیرۆریزم بەبەردەوامیی كەنالی العربیة- مان ئاگاداركردەوە كە بەبۆچوونی كەناڵەكەیان سەرقاڵی راگەیاندنیكی نامەسئولانەو ئیستیفزازییە.

گوێبیستی چەندین بەلین بووین بۆ هەڵسوكەوتی باشترو نامەیەكی (ولید ابراهیم بن ابراهیم) بەریوەبەری كەنالی العربیة-م لەبەردەستدایە كەدەڵیت؛ (ئیمە هیچ بابەتیك بڵاوناكەینەوە كە لەخزمەتی گرووپو لایەنی حزبی بیت یاخود بابەتەكە بریتی بیت لەپروپاگەندەیەكی تەواو بۆ لایەنیكی حزبی یاخود ئیمە نەزانین لەراستیو دروستیی ماددەكە، یاخود بەلای بینەر وابیت كەئەمە پروپاگەندەیەكی تەواوە بۆ لایەنیكی حزبی سەبارەت بەمەسەلەیەك)..

كەواتە چۆن بابەتیك بڵاودەكەنەوە كەبریتییە لەهەرەشەو توندوتیژی لەلایەن سەرۆكی حزبی بەعس، كەتەنیا دەتوانین ئەم كارە بەوە پیناسە بكەین ئایا ئەمە بریتی نییە لە "پروپاگەندەیەكی تەواو بۆ یەكیك لەحزبەكان..؟ ئایا تەنیا بڵاوبوونەوەی بانگەوازەكەی سەدام بریتی نەبیت لەپروپاگەندە، ئەی دەبیت چی بیت..؟"..

بۆل٣

## دریژەی... بۆچی العربیة

كـەچی لـەدریژەی نامەكـەدا (وەلیـد) دەڵێـت ئێمـە بەسـتافی كەناڵەكـەمان راگـەیاندووە كـەهیچ بابـەتێك بڵاونەكەنــەوە بانگــەوازی توندوتیژیـــی بكـــات، بەهــەر شێوەیەك بێت.. یان بەهەر پروپاگەندەیـەك بێـت، ئێمـە لـەو بـاوەرەداین كەئەمانــە خزمــەت بـەرێكخراوە تیرۆریستییەكان دەكەن..

كـەچی زۆر بەراشـكاوی ئـەم كاسێتـە داوای توندوتیژیی دەكـات، یـاخود دیـارە كـەناڵی العربیـة دەیـەوێت رژێمـی سـەدامو پاشماوەكـانی بـەرێكخراوە تیرۆریستییەكان لەقەڵەم نەدات.

كـەناڵی العربیـة دەڵێـت، سیاسـەتەكەی رێگـا بەبڵاوكردنـەوەی بابـەتێك نـادات ئەگـەر لەراستـیو دروسـتیی ئـەو بابەتـە تـەئكید نـەبین، كـەچی هـەتا (CIA) دەڵێـت نـەزانراوە، كـەئایا كاسـێتەكە دەنگـی خودی سەدامە، ئایا كەناڵی العربیة زیاتر لەم پسـپۆرانە شـارەزاترە، كەئەمانــە هەسـتیارترین ئـەلكترۆنیاتیان هەیە لەجیهاندا، وانییە..؟

بەگشـت پێوەرەكـان كـەناڵی العربیــة پێشـێلكاری ئامۆژگارییە تایبەتییەكانی خۆی كردووە، بێگومانیش پێشێلكاریی یاسای عیراقیی كردووە، كەیاسای عـیراقی بریاری توندی هەیە دژ بەپەخشكردنی هـەر بابـەتێك بانگـــەوازی تـــاوانی توندوتیژیــــی بكــــات دژ بەدامودەزگاكانی دەسەڵاتی مەدەنی.

ئا بەم جۆرە راگەیاندنی العربیة داوای سەربەخۆیی راگـەیاندن دەكـات، ئایا كـەناڵێكی ئـەمریكی هەیـەو بابـەتێك بـەدەنگی كابرایـەكی نـەخۆشو تاوانبـار بـۆ ماوەی (١٧) دەقیقە بڵاوبكاتەوەو داوای كوشتنی سەرۆك بوش بكات..؟

ئایـا بـۆ نموونـەی ئـاوا چەپڵـە لێـدەدەن، وەك نموونەیـەكی پراكتیكی دادەنێـن..؟ یـاخود بـەكارێكی نامەسئولانەو بێباك لەقەڵەمی دەدەن..؟ ئایا دەسـەڵاتی ئـەمریكا هیـچ هەڵوێسـتێك وەرنـاگرێتو بێدەنـگ دەوەستێت..

ئایا چی دەبێت ئەگـەر كـەناڵی (BBC) كاسێتێكی لەمجۆرەی بڵاوكردەوەو داوای كوشتنی "تۆنی بلێر"ی سەرەك وەزیرانی كرد..؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە سـاكارە، كـاری لـەمجۆرە روونادات، چونكە لەبەریتانیا یاسای روونو سیاسەتێكی ئاشـكرای هەیــەو ئـەم پێوەرانــەی كەچاكییــەكان دەسەنگێنێت رێگا نادات بەهەرەشەی لەمجۆرە.. كەواتـە بۆچی لۆمەی ئەنجومەنی حوكم دەكرێت، چونكە ئـەو هەڵوێستەی گرتەبەر بۆ پاراستنی خودی خۆی..؟

## دریژەی... مام جەلال پێشوازی

وەفدی میوانیش سوپاسی هەڤاڵ مام جەلال-یان كرد بۆ ئەو پێشوازیو پشتیوانییانەی بەردەوام لێـی كـردوونو خۆشحاڵی خۆیان بەسەردانی كوردستانو ئەو پێشكەوتنانەی دەربـری كـە لەسـایەی ئیدارەی هـەرێمی كوردسـتاندا بەدیهاتوون.

پاشان لەتەوەرێكی تری دیدارەكەدا، هـەردوولا لـەبارەی هەلومـــەرجی ئێســتای عــیراقو كوردســتانو پرۆسـەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عیراقییەكانو رێوشوێنەكانی پاراستنی ئەمنو ئاسایشی شارەكانی ناوەراستی عیراق گفتوگۆیان كردو لەبارەی هەموو مەسەلەكانەوە هاورابوون.

## دریژەی... كۆنگرەی